وڵاتی بیلاڕووس سەرخۆشی لە قوربانیانی ڕووداوەکەی فڕۆکەی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی دەکات

وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی بیلاڕووس سەرخۆشی لە قوربانیانی ڕووداوەکەی فڕۆکەی سەرۆک کۆماری ئێران دەکات و لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، سەرخۆشی لە کەمەرگەی و سەرکردایەتی ئێران دەکەین لە ڕووداوی کۆتنخوارەوەی فڕۆکەی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی دەکەین، لەدەستدانی ئیبراهیم ڕەئیسی و هاوڕێیانی دەڕێکی گەورە بوو نەک تەنها بە کەمەرگەی ئێران، بەڵکوو بە بیلاڕووس لەدەستدانی بە وفاترین هاوڕێکانیە.

دوێنێ یەکشەممە (19ـی ئایاری 2024)، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆماری ئێران و ئیلهام عەلیف، سەرۆکی ئازەربایجان بەنداوی "قیزکالە سی"یان کردەوە کە لێنوان هەردوو وڵاتدا بە هاوبەشی دروستکراوە، پاش ڕووسمکە و لەکاتی گەڕانەوەی بە تاران، هەلیکۆپتەرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی توشی ڕووداوێک دەبێت و بیانی ئەمڕۆ دووشەممە بەفەرمیی تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران گیان لەدەستدانی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و حسێن ئەمیر عەبدولڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران و نوێنەری عەلی خامنەیی و تیمی فڕۆکوانی ڕاگەیاند.